www.kurdistannet.org
28-9-2006 10:38بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# یەکگرتنەوەی ناشەرعی هونەرمەندان ... حەمە هاشم



دوابەدوای ئەوەی هەردوو ڕێکخراوی هونەرمەندان لە کوردستان (یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان، سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان) لەرۆژانی 20-21 ی مانگی ئەیلوولی ئەم ساڵ بەدوو دانیشتنی شکلی یەکیان گرتەوە، نارازیبوونێکی زۆر لەناوەندە هونەرییەکانی کوردستانی لێکەوتەوە، ئەم نارازی بونانە لەزۆربەی شوێنەکان بە هۆی بێئاگابوونی ئەندامانی ئەم ڕێکخراوانەوە رویدا کە بۆ ئەم یەکگرتنەوەیە گوێیان لێنەگیراوە وهیچ حیسابێکیان بۆ نەکراوە کە ئەمە ش بۆ خۆی حەقی زۆر سادەی هەر ئەندامێك بوو کە دەبوایە ئاگاداری کاروو پرۆگرامەکانی یەکگرتنەوەکە ببێت، بەڵا م نە سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان و نە یەکێتی هونەرمەندان جگە لەو 75 کە سە دەستنیشانکراوەی کە بۆ کۆنگرەکە هێنایان ئەوا هیچ راسپاردەیەکیان لەکەس وەرنەگرت کەئەمە بۆ خۆی جۆرێك لە بێیاسایی و دوورە لە بنەما ڕێکخراوەیی ودیموکراتیەکانی ڕێکخراوبوون، ئەمە بێجگە لە کردارێکی دیکتاتۆرانەی هەردوو ڕێکخراوەکە هیچی تری نەدەگەیاند، بۆ یە هونەرمەندان بەتووندی رەخنە دەگرن وئەم یەکگرتنەوەیە بە ناشەرعی لەقەڵەم دەدەن.

هەرلە سەر ئەم بابەتە هونەرمەندانی سەر بە سەندیکای هونەرمەنداتنی کوردستان لە شاری هەڵەبجەی شەهید نارازیبوونی خۆیان نیشانداوە بەوەی کە لەو شارەی ئەواندا ئەندامانی سەندیکای هونەرمەندان زیاتر لە 150 کەس دەبن کەچی تەنها یەك کەسیان چوەتە نێو کۆنگرەکەوە، وە بەناشەرعیان لەقەڵەم داو پێیان وابوو کە ئەمە دوورە لەیاسای ڕێکخراوەیی، لەشاری دهۆکیش 151ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان هونەرمەندی شارەکە نارازیبونی خۆیان نیشاندا لە هەمبەر ئەو

کۆنگرەیە راگەیاند وە لەشاری هەولێریش نزیکەی 242 ئەندامی هەردوو ڕێکخراوەکە نارازیبونی خۆیان نیشانداو پێیان وابوو کەزۆربەی ئەو ئەندامانەی کە چوونەتە نێو کۆنگرەکەوە خەڵکی حیزبی هەردوو حیزبەکە بوون.

وە یەکێك لە هونەرمەندە دیارەکانی شاری هەولێر کە نەیویستن ناوی بهێنین، گووتی ئەم کۆنگرەیە کۆنگرەی ئاشتبوونەوەی سلێمانیەکانە، ئەو هونەرمەندانەی کەلەسلێمانین وە ئەوانەی کە ئاوارەی شەری ناوخۆبوون لە شاری هەولێر، بۆ یە ئەم یەکگرتنەوەی بەبی بایەخ زانی بۆ هونەرمەندان و داخوازیشی ئەوەبوو کە دەکرا بۆ خوولی یەکگرتنەوەکە هونەرمەندێکی دیکەی شارەکانی دهۆك یان هەولێر یان کەرکووك، وەك سەرۆکی ڕێکخراوەکە دابنرایە، لەجیاتی ئەحمەدسالار و فەرەیدوون دارتاش، بۆ ئەوەی ئیشکالیەتی ناوچەگەرێتیش دووربخرایەتەوە.